# ڕێنماییەکانی جڵەوگیریی
# تایبەت بە فێرخوازانی زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا

**2021 - 2022**

ئەم ڕێنماییانە لەژێر ڕۆشنایی ڕێنمایی یەکانی جڵەوگیری ژمارە ٢ ی ساڵی ٢٠٠٩ دەرکراوە. کە پشت بەستە بە بەندی ١ بڕگەی ٤٥ لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی/ هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە ١٠ ی ساڵی ٢٠٠٨.. لەبەر ڕۆشنایی فەرمانی زانکۆیی ژمارە**(F21-101-48)** لە ڕۆژی ٢٠٢١/١١/٨ بۆ پێکهێنانی لیژنەی جڵەوگیری (انضباطی) بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی تایبەت بە فێرخوازان.

سەرۆک و ئەندامانی ئەم لیژنەیە بۆساڵی ٢٠٢١-٢٠٢٢ پێکهاتوون لە بەڕێزان:

| | |
|---|---|
| ١) د. شاهۆ سعید فتح الله | سەرۆک |
| ٢) د. دیلان فریدون احمد | ئەندام |
| ٣) پشکۆ عبدالقادر طاهر | ئەندام |
| ٤) شانیا خەبات عبدالکریم | ئەندام |
| ٥) هەر سەرۆک بەشێک بەپێی پێویستی | ئەندام |

# ڕێنماییەکانی جڵەوگیریی
# تایبەت بە فێرخوازانی زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا

## پێناسەی بابەت:

بەمەبەستی فەراهەمکردنی کەشێکی ئارام و تەندروست بۆ خوێندن لەزانکۆدا، ڕێگرتن لە هەر دیاردەیەکی ناتەندروست وە ناشارشتانی لەناوکەمپی زانکۆدا، پاڵپشت بە ڕێنماییە کارپێکراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی تایبەت بەم بابەتە.. ئەم ڕێنماییانەی لای خوارەوە دەرکران تا فێرخوازان لەماوەی خوێندندا لە زانکۆ لێی ئاگاداربن وە پابەند بن پێوەی.

## بەندی یەکەم:

پێویستە سەرجەم فێرخوازانی زانکۆ پابەندی ئەم ڕێنماییانەی لای خوارەوە بن:

<u>برگەی یەکەم</u> : پێویستە فێرخواز پابەندی تەواوی ئەم یاسا و ڕێسا و ڕێنماییانە ببێت و جێبەجێیان بکات.

<u>برگەی دووەم:</u> نابێت فێرخواز، چ بەکردار یان بە قسە یان بە هۆکاری ڕاگەیاندن، لەناو زانکۆ یان لەدەرەوەی زانکۆ بوختان بۆ زانکۆ و کارمەندان و فێرخوازانی زانکۆ بکات، نابێت ناوبانگی زانکۆ ناشرین بکات یان بزرێنێت.

تێبینی/ ئەم برگەیە لەژێر ناوی ناوزڕاندن ( تشهیر ) بەپێی یاسایی سزادانی عێراقی تاوانە و مادەی یاسای (٤٣٣) بەسەردا جێبەجێ دەکرێت.

<u>برگەی سێیەم:</u> فێرخواز دەبێت پابەندی ڕەوشتی بەرز بێت، ڕێز لەئیدارە و مامۆستایان و فەرمانبەران و فێرخوازانی ناو زانکۆ بگرێت، پێویستە بەدوور بێت لەو هەڵوێست و ڕەفتارانەی لەگەڵ لەگەڵ ڕەوشتی فێرخوازی زانکۆدا ناگونجێت.

<u>برگەی چوارەم:</u> نابێت فێرخواز سیستەمی ئارامی و هێمنی ناو زانکۆ پێشێل بکات.

<u>برگەی پێنجەم:</u> فێرخواز پابەندە بە پاراستنی زانکۆ، پارێزگاریکردن لەو کەرەستە و کەلوپەلانەی زانکۆ کە دەخرێتە بەردەستی یان بەکاری دەهێنێت لەماوەی خوێندنیدا یان پێی دەدرێت و خاوەندارێتی بۆ زانکۆ دەگەڕێتەوە.

<u>برگەی شەشەم:</u> پرۆسەی بەڕێوەچوونی ڕەوشی خوێندن پێشیل نەکات.

برگەی حەوتەم: هەست و بیرو باوەڕی ئایینی سەرجەم نەتەوەکانی ناو هەرێمی کوردستان لەکەدارنەکات و بریندار ی نەکات و رێز لە گشت بیروبۆچونێکی ڕێگەپێدراو بەپێی یاسا بگرێت.

برگەی هەشتەم: فێرخواز پابەندە بە جگەرە نەکێشان بە هەموو جۆرەکانییەوە لەناو کامپی زانکۆدا، جگە لە شوێنە رێگە پێدراوەکان. هەروەها پابەندە بە فرێنەدانی پاشماوەی جگەرە لەناو کامپی زانکۆدا.

برگەی نۆیەم: فێرخواز و کەس وکاری پابەندن بە بەکارهێنان و هەڵواسینی لۆگۆی فەرمی زانکۆی کۆمار بۆ ئۆتۆمبیلەکانیان لەکاتی هاتنە ناوەوەی زانکۆ. پابەندن بە خێراو خراپ لێنەخورینی ئۆتۆمبیل لەناو زانکۆ وە یان بەکارهێنانی جامی تاریک، هەوەها نابێت ئامێری ئاگادارکردنەوە (هۆرین ) لەناو کامپی زانکۆدا بەکاربێنن.

برگەی دەیەم: فێرخواز دەبێت رێز لە کارمەندانی سکیوریتی بگرێت وە بێرێزیان بەرامبەر نەکات لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانیان یان پێدانی رێنمایی پێیان لەناو کەمپی زانکۆدا.

برگەی یازدەیەم: فێرخوازان پابەندن بە نەهێنانە ناوەوە وە بەکارنەهێنانی هەر یارییەک بۆ ناو زانکۆ یان بۆ ناو بەشەکانیان وەک ( تاوڵە . دۆمینە . وەرەق ... یان هەر یارییەکی تر کەلەگەڵ زانکۆ ناگونجێت).

برگەی دوازدەیەم : فیرخوازان پابەندن بە هەڵگرتن و هەڵواسینی ناسنامەی زانکۆی کۆمار لەکاتی بونیان لەناو زانکۆ و و لەبەشەکانیان.

**بەندی دووەم:**

ئەگەر فێرخواز سەرپێچی بەندی یەکەم بکات بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت:

برگەی یەکەم: سزای (تنبیە/ ئاگادارکردنەوە) لەکاتی:

أ. سەرپێچیکردنی بڕگەکانی ( یەکەم، دووەم، سێیەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەم، هەشتەم، نۆیەم، دەیەم و یانزدەیەم، دوازدەیەم ).

ب. تێکدانی پەیوەندی نێوان فێرخوازان.

برگەی دووەم: سزای (ئینزار / هۆشداری) لەکاتی:

أ. سەرپێچکردنی برگەی (چوارەم).

ب. ئەگەر فێرخواز بە (تنبیە / ئاگادارکردنەوە) سزا درابێت وە سزاکەی هێشتا لانەبرابێت وە کارێکی تری دووبارەکردوە کە شایستەی ئاگادارکردنەوەبێت بۆ جارێکی تر.

ج. فێرخواز قسەی ناشرین ئاراستەی فێرخوازێکی تر بکات.

برگەی سێهەم: سزای (توبیخ / سەرزەنشت کردن) لەکاتی:

أ. فێرخواز بە (ئینزار / هۆشداری) سزای درابێت وە سزاکەی هێشتا لانەبرابێت وە کارێکی تری دووبارەکردوە کە شایستەی سزای (ئینزار / هۆشداری) بێت بۆ جارێکی تر.

ب. فێرخواز قسەی ناشرین ئاراستەی یەکێک لەکارمەندانی زانکۆ یان دەستەی وانە وتنەوە بکات.

ج. سوکایەتیکردن بە ( کارمەندانی زانکۆ یان دەستەی وانەوتنەوە ).

**تێبینی** / بابەتی جنێودان وقسەی ناشرین بەپێی یاسای سزادانی عێراقی تاوانە مادەکانی ٤٣٤ لەو یاسایەی بەسەردا جێ بە جێ دەکرێت.

**بەندی سێیەم:**

فێرخواز یەکێک لەم سەرپێچییانەی لای خوارەوە بکات لەزانکۆ دەردەکرێت بۆ ماوەی ساڵێکی خوێندن کەبریتیە لە:

<u>برگەی یەکەم</u>: ئەگەر فێرخواز بە (توبیخ / سەرزەنشت کردن ) سزای درابێت و سزاکەی هێشتا لانەبرابێت و کارێکی تری دووبارەکردوە کە شایستەی سزای (توبیخ / سەرزەنشت کردن ) بێت بۆ جارێکی تر.

<u>برگەی دووەم</u>: بەکردەوە هێرش بکات سەر یەکێک لە کارمەندانی زانکۆ و دەستەی ماموستایان (میلاک یان وانەبێژ ) .

<u>برگەی سێهەم</u>: بەکارهێنانی توندوتیژی لەگەڵ فێرخوازانی تری ناو زانکۆ.

تێبینی/ بابەتی هێرش کردن یان بەکارهێنانی توندوتیژی بەپێی یاسایی سزادانی عێراقی تاوانە مادەکانی (٤١٢، ٤١٣، ٤١٤، ٤١٥، ٢٢٩، ٢٣٠) لەو یاسایە بەسەردا جێ بە جێ دەکرێت بەپێی جۆری تاوانەکە و هێرش کردن و دەرئەنجامەکەی.

<u>برگەی چوارەم</u>: هەڵگرتنی چەک لەناو زانکۆ تەنانەت گەر مۆڵەتی فەرمیشی هەبێت کە لە لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە دەرچووبێت.

تێبینی / هەڵگرتنی چەک بەپێی یاسای سزادانی چەک تاوانە مادەی یاسایی (٢١) لەیاسای (چەک) ی بەسەردا جێیە جێ دەکرێت.

**<u>برگەی پێنجەم</u>:** تێکدان وزیان گەیاندن بەزانکۆ وە کەلوپەلەکانی ناو زانکۆ یان هەر کەلوپەلێک کەخراوەتەوە بەردەستی و بەکاری دەهێنێت وە خاوەندارێتی دەگەڕێتەوە بۆ زانکۆ گەر بێت ئەم کارەی بە ئەنقەست یان گوێ پێنەدان ئەنجام بدات .

**<u>برگەی شەشەم</u>:** خوڵقاندنی گیانی دووبەرەکی لەنێوان فێرخوازان، ئایینەکان، نەتەوە جیاوازەکان یان لەنێوان فێرخوازان و مامۆستایان یان کارمەندانی زانکۆ .

<u>برگەی حەوتەم:</u> تێکدان یان زراندنی ناو و ناوبانگی زانکۆ بەکردەوە یان بە قسە یان وێنەگرتن (ڤیدیۆ و فۆتۆ) لەناو کەمپی زانکۆ بەبێ پرس وە رگرتن و ڕەزامەندی فەرمی وەیان بە وێنەگرتن (ڤیدیۆ و فۆتۆ)ی ناو هۆڵ و بیناکان و دزەپێکردنیان بۆ دەرەوە بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی فەرمی.

برگەی هەشتەم: تەگەرە یان ئاستەنگ بخاتە بەردەم پرۆسەی خوێندن لە زانکۆدا.

برگەی نۆیەم: هەرەشەکردن لە ( کارمەندانی زانکۆ یان دەستەی وانەوتنەوە یان فێرخوازانی تر ) لە ناو زانکۆدا گەر هەرەشەکردن بە قسەبێت یان بەچەک یان لەلایەن چەند فێرخوازێکەوە لەیەک کاتدا کرابێت.

برگەی دەیەم: خواردنەوە یان هەڵگرتنی مەی لەناو زانکۆدا.

**تێبینی**/ بابەتی هەرەشەکردن بەپێی یاسای سزادانی عێراقی تاوانە مادەکانی (٤٣٠، ٤٣١، ٤٣٢)ی لەو یاسایەی بەسەردا جێ بە جێ دەکرێت.

برگەی دەیەم: ئەنجامدانی تاوانی ئەلیکترۆنی لەرێگای مۆبایل یان پێگەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی ( مواقع التواصل الاجتماعی ) بەرامبەر بە کارمەندانی زانکۆ، یان دەستەی وانەوتنەوە یان فێرخوازانی تر.

تێبینی/ بابەتی خراب بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنی بەپێی یاسای سزادانی عێراقی تاوانە وە بە پێی هەمواری پەرلەمانی کوردستان ئەم تاوانە مادەی (٣) خراپ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنیەکانی بەسەردا جێ بە جێ دەکرێت.

برگەی یازدەیەم: پەنابردنی فێرخواز لەکاتی روودانی گرفت بۆ کەسانێک لە دەرەوەی زانکۆ هەر کەسێک بێت یان کەسانی چەکدار وە هێنانیان بۆ ناو زانکۆ وە دروستکردنی ئاڵۆزی لەناو زانکۆدا .

برگەی دوازدەیەم: ئەنجامدانی تۆمارکردنی دەنگی بۆ ( مامۆستایان یان کارمەندانی زانکۆ) بەبێ ئاگاداری و رەزامەندی وەرگرتنیان وە بەکارهێنانی ئەو تۆمارە دەنگیانە بەرامبەریان یان بڵاوکردنەوەیان .

## بەندی چوارەم:

فێرخواز یەکێک لەم سەرپێچییانەی لای خوارەوە بکات لەزانکۆ دەردەکرێت بەیەکجاری:

برگەی یەکەم: دووبارەکردنەوەی یەکێک لەو سەرپێچیانەی کەلەبەندی سێهەمدا هاتووە.

برگەی دووەم: کارێکی شورەیی ئەنجام بدات لەناو زانکۆدا کە لەگەڵ یاسا و رەوشت و نەریت نەگونجێت.

تێبینی / کاری شورەیی یان ئابروبەر تاوانە بەپێ یاسایی سزادانی عێراقی وە مادەکانی (٢١ / ٦) لەو یاسایەدا جۆری تاوانەکانی دیاریکردوە وەک ( دزیکردن و اختلاس وساختەکاری و خیانەی ئەمانەت و بەرتیل وەرگرتن و تاوانی ناموس).

برگەی سێیەم: ئەگەر بریاری دادگای تایبەتمەندی بۆ دەرچوو ( حکم ) لەتاوانی حەیابەرە (مخله بالشرف) یان ئەو تاوانەی ئەنجام دا .

برگەی چوارەم: ئەگەر سەلمێنرا فێرخواز ماددەی ( تلیاک و مادەی بێ هۆشکەر) لەزانکۆ وە یان لەبەشی ناوخۆیی بەکارهێناوە .

تێبینی/ بابەتی خواردنەوەی مەی وە بەکارهێنانی مەوادی بێ هۆشکەر وتلیاک تاوانە بە پێی یاسایی سزادانی عێراقی وە مادەکانی (٣٨٦ و ١٤ مخدرات) ی بەسەردا جێ بە جێ دەکرێت.

برگەی پێنجەم: دەرکەوت یان سەلمێنرا کە فێرخواز بەڵگەنامەی ساختەی پێشکەش بەزانکۆ کردوە یان بەکاری هێناوە یان دروستیکردوە یان بەڵگەنامەی تایبەت بە زانکۆی کۆماری ساختەکردوە.

**تێبینی**/ بابەتی ساختەکردن، بەکارهێنان یان مامەڵکردن پێی تاوانە بەپێی یاسای سزادانی عێراقی وە مادەکانی (٣٨٩ تا ٣٩٨ ) لەم یاسایەی بەسەردا جێ بە جێ دەکرێت.

## بەندی پێنجەم:

سەپاندنی ئەو سزایانەی کەلە بەندەکانی ( دوو، سێ، چوار) هاتووە رێگە لەوە ناگرێت ئەو سزایە بسەپێنرێت ئەگەر سەرپێچی کردنەکە لە دەرئەنجامی سزای یاسایی هاتبێت.

## بەندی شەشەم:

سزاکان وە دەسەلاتی دەرکردنی:

برگەی یەکەم: سزاکانی (ئاگادارکردنەوە، هۆشداریی، سەرزەنشت کردن ) بۆ ماوەی مانگێک دەبێت و لەدەسەلاتی سەرۆکی زانکۆدا دەبێت.

برگەی دووەم: سزای دەرکردن لە ماوەی مانگێک زیاتر لەدەسەڵاتی ئەنجومەنی زانکۆدا دەبێت.

برگەی سێیەم: سزای دەرکردن بەشێوەی یەکجارەکی لەلایەن ئەنجومەنی زانکۆوە پێشنیار دەکرێت و بەرزدەکرێتەوە بۆ سەرۆکی زانکۆ. وە بڕیاری کۆتایی لەدەسەڵاتی سەرۆکی زانکۆدا دەبێت.

## بەندی حەفتەم:

شێوازی تانەدان لەبڕیارەکان:

برگەی یەکەم: ئەو فێرخوازەی کەسزای دەرکردنی بۆ دەردەچێت کەلە ساڵێک زیاتر نەبێت وە لەمانگێک کەمتر نەبێت واتە ماوەی (١ بۆ ١٢) مانگ. مافی ئەوەی هەیە کەلە بەرواری پێ ڕاسپاردنی بەبڕیاری سزاکە یان ئاگاداکردنەوەی لەڕێگای تابلۆی ئاگادارکردنەوەی گەر نەتوانراوە سزاکەی پێ ڕابگەینرێت لەماوەی تەنها (١٥) پانزە ڕۆژدا لەلای سەرۆکی زانکۆ ناڕەزایی و تانە لەبڕیارەکە پێشکەش بکات.

برگەی دووەم: گەر سزای فێرخواز یەکجارەکی بوو ئەوا فێرخواز مافی ئەوەی دەبێت کە نارەزایی یان تانە پێشکەش بە ئەنجومەنی زانکۆ بکات و دەبێت ئەنجومەنی زانکۆ لەماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا لەڕۆژی نارەزایی بڕیاری خۆی دەربکات وە بڕیاری دەرچوو دەبێتە بڕیاری کۆتایی.

**بەندی هەشتەم:**

لەکاتی ڕوودانی هەر سەرپێچی یەک کەلەبەندەکانی (سێهەم و چوارەم)دا هاتووە لیژنەی جلەوگیری لێکۆلینەوەی پێک دەهێنرێت وە دەرئەنجامی لێکۆلینەوە و ڕاسپاردەکانی پێشکەش بە سەرۆکی زانکۆ دەکات.

**بەندی نۆیەم:**

بەندەکانی ئەم ڕێنماییە فێرخوازان / فێرخوازانی خوێندنی باڵاش دەگرێتەوە .بەهەردوو ئاستی ماستەر یان دکتۆرا گەر هەبوون.

**بەندی دەیەم:**

بڕیاری سزادان لە تابلۆی ئاگادارکردنەوە بۆ ماوەی هەفتەیەک لە زانکۆدا هەڵدەواسرێت یان لە ریگەی ئیمەیڵەوە یان بە نووسین کەس و کاری فێرخوازی لێ ئاگاداردەکرێتەوە ، فێرخوازیش بانگ دەکرێت بۆ بەردەم لایەنی بەرپرس (لیژنەی جلەوگیری) و هۆکاری سزادانی تێ دەگەیەنرێت.

**بەندی یازدەیەم:**

ڕێنمایی فێرخوازان بەگشت بەندەکانیەوە ساڵانە لەسەرەتای ساڵی خوێندن لەتابلۆی ئاگادارکردنەوە هەڵدەواسرێت وەلەرێگای ئیمێلی فەرمی فێرخوازی لێ ئاگاداردەکرێتەوە وە لەلایەن بەشە پەیوەندیدارەکان ئەم ڕێنماییانە لەگەڵ فێرخوازان شرۆڤە دەکرێت.

**بەندی دوازدەیەم:**

برگەی یەکەم: سزاکانی ناو ئەم ڕێنماییانە بە گشت جۆرەکانیەوە ریگری ناکات لەوەی کە کەسی سەرپێچی لێکراو (مامۆستا، کارمەند، فێرخواز) لە تۆمارکردنی سکاڵای یاسایی مافی پارێزراو بێت لە دەرەوەی زانکۆ لە دادگا تایبەتمەندەکانی شاری سلێمانی .

برگەی دووەم: گەر فێرخواز مافەکانی پێشێلکرا یان گێچەڵی پێکرا لەلایەن (فێرخوازی تر، دەستەی وانەوتنەوە، کارمەندانی زانکۆ و سکویریتی) لەرووی جەستەی و مەعنەوی یان یان سوکایەتی پێکرا لەناو زانکۆدا ئەوا مافی تۆمارکردنی سکاڵای دەبێت لەلای هەریەک لە (سەرۆک بەشی خۆی، بەشی کاروباری فێرخوازان بەشی کارگێری، لیژنەی جڵەوگیری، نوێنەری فەرمی فێرخوازانی زانکۆ) لەگەڵ پاراستنی مافی تۆمارکردنی سکاڵا یاسایی خۆی لە دەرەی زانکۆ لەدادگا تایبەتمەندەکان).

برگەی سێیەم: لیژنەی جڵەوگیریی تەنها لەسەر راسپاردەی بەرێز سەرۆکی زانکۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسەکان ئەنجام دەدات. لە کاتی راسپاردنی لیژنەی جڵەوگیریی لە لایەن سەرۆکی زانکۆ-وە بە لێکۆڵینەوە لە هەر کەیسێک کە لەم رێنماییانەدا بە وردی باس نەکرابێت، لیژنە لەبەر رۆشنایی رێنماییە پەیوەندیدارەکان و یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدات.

**(کۆتایی)**